# یادی هاوڕێ عادیل سەلیم 1926/6/10 ـ 1978/9/12



نووسینی : فـــەهـــد گـــردەوانـــی

قەڵەمی من ناتوانێ یادگارییەکانی ئەو مرۆڤە تۆمار بکات و بگێڕیتەوە .....جا کوا کێ توانیویە بیرەوەری ئەو شۆڕشگێڕە تۆمار بکات...هاوڕێیەکانی کاتی قۆناغی سەرەتایی... هاوڕێیەکانی کاتی زیندانی....هاوڕێیەکانی کاتی شۆڕشی کوردستان.. ..هاوڕێیەکانی کاتی بەرەی نیشتیمانی...هاوڕێیانی کەرکوک کە دوا قۆناغی ژیانی کاک عادیل سەلیم (ابو شوان)بوو....هەر یەکە لەو هاوڕێیانە دەیان یادگاری شیرین و تاڵیان هەیە لەگەڵ ئەو مرۆڤە تێکۆشەرە....من لە نزیکەوە کاک عادیلم دەناسی و لەگەڵ دایکی شوان و شوان و جوانیش ناسیاویم هەبووە...هەر بۆیە لەکاتی پرسەکەشی بەشانازی شەرەفی ئەو تێکۆشەرم بەرکەوت کە قاوە و جگەرە لە پرسەکەی دا بگێرم شان بەشانی هاوڕێیانی حیزبی شیوعی عێراقی...ئێمە کۆمەڵێک قوتابی کۆمۆنیستی هەولێر ئەرکی خزمەتکردنی میوانانی بەشداربووی پرسەکەمان کەوتە سەر شان.... یەکێک لە پرسە هەرە گەورە و بەناوبانگەکانی هەولێر پرسە و ناشتنی تەرمی پیرۆزی ئەو تێکۆشەرە مەزنەی ڕێبازی فەهد و سەلام عادل و جەمال حەیدەری شەهید عادیل سەلیم بوو....من تازە پۆلی سێیەمم تەوا کردبوو،حکومەتی بەعس داوای لە حیزبی شیوعی کرد کە دەبێ هەموو ڕێکخراوەکانی مهێنی وەکو قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و مامۆستایان وکرێکاران وجوتیاران...هتد بتاوێنیتەوە و جموجۆلی رابگیرێت، تەنها ڕێگا بە ڕێکخراوەکانی سەر بە بەعس درا بە ئاشکرا کار بکەن....ئێمەی بەشی زۆربەی خوێندکاران لە هەولێر دژی ئەو بڕیارە بووین بەڵام چونکە حیزب لەسەرەوەی هەمووومان بوو بڕیار بڕیاری حیزب بوو دەبوایە جێ بەجێ بکرێ ، ئەو ساڵە شەرەفی دەورەی کادیری خوێندکارانم پێبەخشرا بوو چوار قوتابخانەی ناوەندیم سەرپەرشتی دەکرد بۆیە بەشداری ئەو کۆبونەوەیەم کرد کە هاوڕێ عادل سەلیم وەکو لێپرسراوی هەولێر سەرپەرشتی ئەو کۆبونەوەیەی کرد و

هەردوو کادیری بەتوانای قوتابیان شەهید ابوزەکی(خەیری قازی)و رەوەند(تاهیر کەریم) سەرپەرشتیان دەکرد لەگەڵ هاورێ عادل..لە ئەنجامدا هەتا ماوەیەکی کورتیش ئێمەی قوتابیانی (کرمانج ـ دەشتەکی)لە دژی بڕیارەکەی حیزب راوەستاین و جار جارە یەکە یەکە و بە تەنها تەنها دەبینراین..لە کاتی کۆبونەوەکە کاک عادیل وفارس عەزۆ زۆر جگەرەیان دەکێشا وئێستاکەش ئەو کۆبونەوەیە وا لەبەر چاومە کە کاتێ کاک عادیل لە وەڵامی پرسیارەکەم گووتی...جا هەمووان بکە دۆستی حیزب،ئەوکاتەی گوتم من چ لە و ئەندامانە بکەم کە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی گشتین... کاتێک بەرامبەر هاورێی شەهید محەمەد شێروانی (ابو تانیا/هوشیار)هاوارم کرد خۆ ئێمە لە مۆسکۆ ناژین کو بچم طریق الشعب لە شەقامی هەولێر بفرۆشم ، ابو تانیا دەیگوت بەرەی نیشتمانیمان هەیە هیچ لە گۆڕێ نیە، منیش دژی ئەوە بووم کە خۆمان لە بەعس ئاشکرا بکەین کاک عادل دەستی خستە سەرشانم بە قسە خۆشەکانی گووتی راست دەکا ئەوانەی ئاشکران بەسە ئەوانە بێسیفەتن مەبەستی بەعس بوو..گوتیان ناوت دەبی لە دارالمعلمین دەربچی چونکە بەعس تەئمینی کردووە کە تەنها خوێندکاری بەعس قەبوول دەکات حیزبیش دەیویست ئەندامی هەبێ لەو شوێنانەی بەعس خۆماڵی کردبوون ،منیش چومە دهۆک لەبەر ئەوەی لەوێ نەناسراو بووم و لەو کاتە برادەرێکی خاڵم مامۆستا محەمەد سدیق لە دهۆک جێگیری پارێزگا بوو،دۆستی نزیکی خاڵم بوو،کەچوومە لای یەکسەر پێی گووتم کە کەس قەبووڵ ناکەن ئەگەر مۆری بۆ بەعس نەکردبی ، ئەویش دەیزانی من شیوعیم و ناکرێ درۆ لەگەڵ دامودەزگای دەوڵەت بکات و بڵێ بێلایەنم بۆیە یەکسەر رەوانەی پیرە هەولێری کردمەوە و بە کاک عادیلم گووت فەشەلم هێنا و قەبووڵ نەکرام بۆیە ئەو هەوڵی بۆ دام لە رێگای لێپرسراوی ناوچەی باکووری عێراق لە قوتابخانەی بازرگانی وەرگیرام کە تاقە قوتابی غەیرە بەعسی من بووم لەو قوتابخانەیە........ ئەویش حیکایەتەکی دوورودرێژی هەیە کە دوومانگ قوتابیان دەوامیان کردبوو ئینجا من وەرگیرام ....کە چوومەوە لای کاک عادیل گووتی ئەو لێپرسراوە پێی گوتووە کاکا عادل ما عندکم غیر فهد تدز لتجارە..کاک عادیلیش لە وەڵامیدا پێی گوتبوو لاتخاف عندنا صدام اذا ترید ندز لمدرسە اخری....ئەو کاتە حوسێنی سائق بۆ گاڵتە پێمان دەگووت ابو صدام ، صدامیش نائب بوو بەڵام زیاتر بەناودار تر بوو لە احمد حسەن بەکری سەرۆک بەتایبەتی پاش ئەوەی سەری خۆی بۆ شای ئیران نەوی کرد و پەیمانی جەزائیری مۆرکرد لە 6ئاداری1975....کاک عادل وای لە صدام حوسێن کرد کە نامیلکەی سەنگەرێک یان دوو سەنگەر بنووسی(خندق واحد ام خندقان) لەو کاتانەدا کە خەڵک وای هەست دەکرد حیزبی شیوعی هیچ هەڵوێستەکی نیە ، کاک عادل لە دانیشتنەکەی بە سەرپەرشتی صدام هەموو کارە چەپەڵ و درندە و بەرنامە شۆڤینەکانی ئەو بەعسە فاشیەی ریسوا کرد..ئەوەش بووە هۆی بەخشینی گیانی

خۆی لە پێناوی نیشتمانێکی ئازاد وگەلێکی بەختیار ....هەر لەگەڵ ئەو هێرشەفاشیەی بەعس بۆ سەر رێکخستنەکانی حیزبمان لە شاری کەرکوک هاورێ عادل چووە کەرکوک و لەو سەفەرە کە گەڕایەوە، بەداخەوە هەولێر یەکێک لە رۆڵەکانی لە کیس چوو......

ساڵی 1974کاک عادل لەگەڵ مامۆستا دڵزاری شاعیر نوێنەری پارێزگای هەولێر لە لێژنەی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازدا بوون....

ساڵی 1975 ئەنجومەنی هاوکاری و ئاشتی عێراق ، کاک عادل سەلیم و مەلا نیعمەت و مامۆستا دڵزار ی بە ئەندام وەرگرت......

مامۆستا رەوەند لە لابەڕە 70ی گۆڤاری بیری نوێ ژمارە 27 ئەیلولی 2000 وای نووسیووە:.....کۆتایی مانگی حوزەیرانی 1978 هاورێ فاتح رەسول سەفەری بۆ مۆسکۆ کرد، پەیوەندیم بە هاورێ عادل سەلیم ـ ەوە کردو،ئاگاداری کردم کە بە چاکی دەزانێ کە بۆ شوێنی پۆستەی محەلی سلێمانی ـ کەرکوک ـ نەینەوا، دوکان بێت و لەناو بازاڕ بۆ ئەوەی ئەو هاوڕێیانەی پۆستە دێنن و دەیبەن هاتووچۆی ماڵان نەکەن بۆ ئەوەی کەس هەست بە جوولەیان نەکات.......

هاورێ ئەحمەد بانیخێڵانی لە لاپەڕە 320ی بیرەوەرییەکانم 1997 وای نووسیووە:...هاورێ ئەحمەد حامید لە جێگەی هاورێ عادل سەلیم کرا بە ئەمین عامی نقل و مواصلات، چونکە بەعس رازی نەبوون هاورێ عادل بگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی.هاورێ عادل سەلیم نوێنەری حیزب بوو لە کۆمیتەی باڵا ولێژنەی بەرەی هەولێر و کوردستان هەروا لە ئەنجومەنی فراوانی گشتی عێراقیشدا.هەمیشە بە توندی و راشکاوی رووبەرووی بەعسیەکان دەبووەوە بەر پەرچی درۆ و فیشالەکانی دەدانەوە. هەتا لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی جەبهە لە بەغداد یەکدوو جار رەدی قسەکانی سەدامی دابووەوە و کەم و کورپیەکان و کارە نابەجێکانی بەعسی خستبووە روو......

هەردەم زیندووە....لە مێشکی ئێمە دەژی باوکی شوان

2005/9/14 ستۆکهۆڵم ـ سوید